لێکۆڵینەوەی رەخنەیی:

## میتافۆڕی هەورو رەهەندی سۆسیۆلۆژی شیعر

سۆران محەمەد

کاتێك دەمویست لە دەریای دنیای سێ دەقە شیعریە بڵاوکراوەکەی ژمارە 961 ی هەفتەنامەی (ئەدەب و هونەر) دا مەلە بکەم و کەمێك گیان و هۆشم ئاوپڕژێن بکەم بە هەناسەو ئیکۆو رامانکانی ناویان، خاڵێکی سەرنج راکێش دەروازەی بابەتێکی گرنگی بە روودا واڵا کردم، نەمزانی بەرێکەوت بوو یان نا! لە هەر سێ دەقەکە زاراوەی (هەورو باران)یان بەکارهێنابوو، هەر زوو لەخۆم پرسی باشە ئەمە چۆن؟ ئایا لای هەموویان هەر بە یەك جۆر کەوتۆتەوە؟ ئایا ئەو کاریگەرییانە چین لەسەر شاعیران لەم بەکارهێنانەیاندا؟ ئایا تەندروستە یان نا؟ ئەی بەرەنجام و خوێندنەوەکانی ئێمە چی دەبێت بۆیان؟.. چەندان پرسیاری تریان بە دوای خۆیاندا هێنا..

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسانەو گەشتنە خوێندنەوەیەکی مەوزوعی و لاکردنەوە بەلای ئەم بابەتە گرنگەدا بڕیارمدا دەست بە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەم.

ئەو سێ دەقەش بەم ناونیشانانەن و هی هەر یەك لەم شاعیرانەیە:

1- لە نوێژی ئەم بەیانییەمدا کەوتمە ناو ئاگری گەورەی سرووش و بەرزبوونەوە / سەباح رەنجدەر.. 2- ئەو دەمەی پەنجەرەکانی خەیاڵ واڵا دەبن، دەقی (هەور) / دەوەن.. 3- هاوڕێی ژیان/ عومەر عەبدولکەریم.



سەباح رەنجدەر



عومەر عەبدولکەریم



دەوەن

**میتافۆڕی هەور**

هەور وەك خوازەو میتافۆڕێك لە سەدەکانی سەرەتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە زۆرترین سوودی لێ بینراوە ، هەر لە شانۆنامەکانەوە تا هۆنراوەو گۆرانی و تابلۆو رۆمان وهونەرە جۆراوجۆرەکانی بینین و بیستن...

دەبێت هۆی چی بێت هەور ئەم دەسەڵاتە مەزن و بەربڵاوەی لە ناو هۆشی مرۆڤدا جێ هێشتبێت؟ بەڵێ هەور شێوەی جیاجیا و رەنگی جیاجیاو بەرزایی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، لە ئاکامیشدا دەکرێت راڤەو میتافۆڕی رۆشنبیریی و وێژەیی جیاواز هەڵبگرێت، دەتوانیت وەك سیمبوڵی ژیانەوەو ئاو و باران لێکی بدەیتەوەو یان پێچەوانەکەی کاولکاریی و لایەنی تار ، کە ئەمیش هەر دروستە، یان پێدانی شێوەو وێنەی دەموچاوی جیاواز کە لە فلیم کارتۆنەکانی منداڵیدا دەمانبینین هەر دەگونجێت، یان کێشانی وێنەی جیاواز بێت لە ئاسماندا، بە پێی خواستی دەقەکە، ئەوا هەر رێی تێدەچێت.(1)

لە دیدگایەکی جیهانییەوە (هەور) لەمسالأنەی دوایدا وەك سیمبوڵی کاولکاری بەکاربراوە، دوای ئەو کاولکاریە سروشتیەی گەردەلولی کاترینا لەگەڵ خۆی هەڵیگرتبوو، کەواتە دەکرێت هەور مەدلولی جیاواز لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، لە هوشیاری مرۆڤدا بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەور حزوری هەبووە، هەر لە ئایینەکانەوە وەك جولەکەو کریستیانی و ئیسلام، هەروەها بودایی و ئەفسانەکانی ئەفریقیا.. هەور وەك سیمبوڵێکی جیاواز بەکارهێنراوەو لەناو کەلتووری میللەتاندا جێی خۆی کردووەتەوە. نەك تەنیا وەك سیمبوڵی کاولکاریی بەڵکو جارانێك وەك نهێنیەکی شاراوەی خودایی و پارێزگاریی بەکارهێنراوە، بۆیە وا لێکدراوەتەوە کە دەکرێت ببێتە پردی برایەتی و هاوبەشی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان، لەبری وێنەی رقلێبوونەوەو تورەیی و بۆردومان و لەنێوچوون.(2)



ولیەم وۆردۆرس

**نموونەی (هەور) لای (ولیەم وۆردۆرس) و سوود وەرگرتنی ئیجابی لە سروشت:-**

بە شێوەیەکی گشتی لە کۆبەرهەمەکانی ولیەم وۆردۆرس دا سروشت کاریگەرییەکی باشی هەبووە لەسەر هزری مرۆڤ، هەر لە دوندی چیاوە تاکو جۆگەلەیەکی نێو دۆڵەکان بۆیان هەیە کار لە هەستەکان و هزری مرۆڤ بکەن کە کاریگەر دەبن پێیان، لە زۆر جێدا (ولیەم وۆردۆرس) جەختی لەسەر گرنگی کاریگەریی سروشت کردووەتەوە لەسەر پەرەپێدانی هزریی و گیانیی تاك، لە ئاکامدا پەیوەندی باش بە سروشتەوە یارمەتی تاکەکان دەدات بێ جیاوازیی پەیوەست بن بە هەردوو جیهانی گیانیی و کۆمەلایەتییەوە. ئەو ئاماژەی پێداوە کە خۆشەویستی سروشت، دەکرێت پەل بهاوێژێت بۆ خۆشویستنی مرۆڤایەتی. وەك لە هۆنراوەی (گێتی زۆرە بۆ ئێمە) 1807و (لەندەن) 1802 ئاماژەی پێداوە: مرۆڤەکان دەکرێت خۆپەرست و نامۆراڵ دەرچن کاتێك دوور دەکەونەوە لە سروشت و روو دەکەنە شارە گەورەکان، ئەوا سروشتی پاکژی مرۆڤ و بەرزی گیانی مرۆڤایەتی رەنگە بکەوێتە ژێر کاریگەریی رێکەوتنەکانی کۆمەڵگای دەستکردو بینەوایی ژیانی شار، ئەو کەسانەی زیاتر

لەگەڵ سروشتدا دەژین وەك كەشاوەرزو ئاژەڵداران و گوندنشینان، زیاتر پارێزگاری لە پاكی و بڵندی گیانی مرۆیانەیان دەكەن.(3).

ئەو شیعرە بەناوبانگەی ووٚردۆرس كە لە سەرەتاكانی سەدەی هەژدەدا نووسیویەتی، سەبارەت بەكارهێنانی وشەی هەور تێیدا دەڵێت:

**بە تەنیا گەڕام وەك هەور**
**كە تێدەپەڕێت بەسەر دۆڵ و گردەكان**
**كاتێك قەرەباڵغیم بینی پێكەوە**
**زۆرێك لە نێرگزی كێویی زێڕین**
**لە تەنیشت دەریاكە لەژێر درەختەكان**
**دەشنینەوەو سەمایان دەكرد بۆ شنەباكە**

ولیەم ووٚردۆرس، شاعیری ئینگلیزستان (1770-1850) لەم قەسیدە لیریكیەدا ( بە تەنیا گەڕام وەك هەور) هەرچەندە هەوری بەكارهێناوە وەك سیمبوڵی تەنیایی، ئەو وەسفی جوانی سروشت و كاری رۆشتنەكەی دەكات لە حاڵەتی جیابوونەوە لە دنیای دەرەوە، وەك هەور كە تێدەپەڕێت بەسەر دۆڵ و گردەكاندا، كە دەگونجێت وەسفێكی نائاسایی دابڕان و ئاوێتەبوون بێت لەگەڵ ئاسمان و مژدەهێناندا، لە بەرزاییەوە بۆ خوارەوە.

لە دوای ئەم تێڕامانەیدا بۆ سەرەوەی خۆی و ئاسمان و هەور، تێبینی گوڵێكی رەنگ ئاڵتونیی دەكات كە ئەویش نێرگزە كێوییە لەسەر زەویدا و لەبەردەمیدا دەشنێتەوەو سەمادەكات بۆ شنەباكە، لە كەنار دەریایەك و لە بن درەختێكدا، لێرەوە بیرو هۆشی دێنێتەوە سەر زەوی و ئەم گوڵی نێرگزە جێگەی تێڕامان و لێكدانەوەو لەسەر وەستانی رەخنەنووسان بووەو راڤەی جۆراوجۆری بۆ كراوە..

ئەم قەسیدەیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت كاریگەریی خۆی لەسەر كۆمەڵگای تەكنەلۆژی سەدەی بیست و یەك جێهێشتووەو هێمنی و هارمۆنییەتی سروشت دەبەخشێت بە خەیاڵی خوێنەر.(4)



فیرناند دی سوسێر

## رەخنەی سۆسیۆلۆژی شیعرو رەمزی هەور لەم سێ دەقەدا

پێش ئەوەی بێمە سەر راڤەو لێکدانەوەکان دەربارەی بەکارهێنانی جیاوازیی هەور لەم سێ دەقەدا پێم خۆشە ئاورێك بە لای رەخنەی کۆمەڵایەتی لە وێژەدا بدەینەوە:
وەك دەزانین زۆر لە مێژە هونەرە جۆراوجۆکان و لەناویشیاندا ئەدەب وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی تەماشاکراون و مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، لەبەر ئەم هۆکارەش بە شێوەیەکی سروشتی سەرنجی رەخنەنووسان و راڤەکارانی بواری کۆمەڵایەتییان بەلای خۆیاندا راکێشاوە، تەنانەت زۆرینە لەو باوەڕەدان کە هونەر دەتوانێت مەعریفەتمان پێشکەش بکات سەبارەت گێتی، لەوانەش پەیوەندی خاوەن بوونە داماڵراوەکان وەك ئەزموونێکی مرۆیی.(5)
لە سەرەتادا گەر بمانەوێت پۆلێنکردنی رەخنە بخەینە روو ئەوا دەزانین تەنیا لەیەك جۆر رەخنەدا رەخنەگر قەتیس نامێنێت و گەر ئەمە بەڵگە بێت لەسەر هەر شتێك ئەوا یەکەمجار بەڵگەیە لەسەر بەرفراوانی و پێشکەوتنی دنیای رەخنەو لێکۆڵێنەوەی ئەدەبی لە جیهانی مۆدێرندا.
لە جۆرەکانی رەخنە : رەخنەی هەڵوەشانگەرایی، رەخنەی ئەفسانەئامێز، رەخنەی سۆسۆیۆلۆژی، رەخنەی بونیاتگەریی، رەخنەی جێندەر، رەخنەی مێژوویی، رەخنەی فۆرمالیز، رەخنەی بایۆگرافی، رەخنەی کاردانەوەی خوێنەر، رەخنەی دەروونی...(6)
یەکێك لە جۆرەکانی رەخنەش کۆمەڵایەتییە؛ کە بریتیە لە رەخنەی وێژەیی ئاراستەکراو لە پێناو تێگەشتن (یان دانانی وێژە) لە رەوتی بەربڵاوی کۆمەڵایەتیدا.
رەخنەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەدەب هەڵدەستێت بە راڤەی کاری کۆمەڵایەتی لە ناو ئەدەبدا و چۆنیەتی کارکردنی لە ناو کۆمەڵگادا، ئەم جۆرەش لە رەخنە بە جۆرێکی بەرچاو لە لایەن (کینیت بێرك)ـەوە پێشکەش کرا.
رەخنەی کۆمەڵایەتی بەدەر نەبوو لە کاریگەرییەکانی رەخنەی نوێ بەسەریەوە، بەڵام ئەمان زیاتر رەگەزی کۆمەڵایەتیان بۆ زیاد کرد، وەك لە تیۆری رەخنەیی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)دا تێبینی کرا. تەنانەت وای لێك دەدەنەوە کە هونەر دیارەیەکی کۆمەڵایەتییەو خوازەو ئاماژەکانی ناویشی شایستەی چەسپاندنن بەسەر ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا نووسراوە لە کاتی ئەفراندنی دەقەکەدا.
بۆیە (بێرك) وای لێکئەدایەوە کە دەقی وێژەیی رەنگدانەوەی رەفتارو سلوکی کۆمەڵگایە.(7)
ئەگەر رەخنەی بونیاتگەریی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەوە پەرەی سەند بێت بە سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی (فیردیناند دو سوسێر) کە لەم جۆرە رەخنەیەدا زمان وەك بابەتی سەرەکی دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، وەك بونیادێکی داخراو بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ دۆخێکی دەرەکی وەك دۆخی نووسین و پەیوەندی بە دۆخە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکانەوە و گرنگیدان بە بواری وێژە لە ڕێگای ڕێساکانی زمان و مەدلولە ئەدەبیەکانیەوە، بەجۆرێك پێکهاتە ناوەکیەکانی دەقیان بە ئاقاری شیکاری زمانەوانیدا برد، و گرنگیدان بە بونیادە بچوکەکانی ناو دەق بۆ دەستنیشانکردنی بونیاتی گشتی، کە وا

دەکات بابەتی لێکۆڵینەوەکە ئەدەب بێت، ئەمەش لەسەر چەند ئاستێکدا دەبێت لەوانە گرنگیدان بە دەنگەکان، وشەسازیی، ئاماژەکان، و پێکهاتە زمانەوانییەکان..
بەڵام هەرچی ڕێبازی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیە وێڕای ئەوەی لە پێش بونیاتگەراکان هاتە دی و لە دیدگای رادەی دەربڕینی ناوەندی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەڕوانێت کە وەبەریدەهێنێت، بۆیە مامەڵە لەگەڵ دیاردە وێژەییەکاندا دەکات لە نێو دۆخی کۆمەڵایەتیدا نەك وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ.
زانستی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەدەب هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی کاری ئەدەبی وەك بەرهەمێکی کۆمەلایەتی، بەوەی پەیوەندییەکانی ناو دەق کەشف دەات کە لەگەڵ دەوروبەردا هەیەتی، کە ڕەنگە لە پشت دەقەوە وەستا بن و هۆکاری بەدیهێنانی بن. یان بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەرییان لە دەقدا هەبێت، لەبەر ئەمە ڕێبازی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی ئەدەبی وای دەبینێت دەقی ئەدەبی دابڕاو نییە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا نووسراوەو بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایەو جارانێکیش دەستنیشانکردنی هەڵوێستە لەبەرانبەریدا. (8)
یەکەم کاری ئەم ڕەخنەیەش ئەوەیە دەستنیشانی پەیوەندیەکانی دەق و کۆمەڵگا بکات، لە بەناوبانگترین بانگخوازانی ئەم جۆرە لە ڕەخنەگرتن: مارکس و ئەنجلزو ڕەخنەنووسی هەنگاری جۆرج و مەدام دوستال بوون، کە وایان دەبینی ئەدەب ڕەنگدانەوەی باری کۆمەلایەتی و ئابووری و رامیارییە، لەگەڵ پەرەسەندنی ئازادیدا ئەویش پەرە دەسێنێت و پێشدەکەوێت بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئاستی زانین و هزر تێیدا.
لە بنەماکانی ئەم ڕەخنەیە:
- لێکگرێدانی ئەدەب بە کۆمەڵگاوە بەو رادەیەی دەڵێن زمانی کۆمەڵگایەو وێنەیەکی زەمەنەکەیەتی و دەکرێت وەك بەڵگەنامەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
- ئەدیب کار لە کۆمەڵگا دەکات و کۆمەڵگا کار لە ئەدیب دەکات و ژینگەو پەروەردە ڕۆڵی کارا دەبینن.
- ئەدەب وەك بەشێك لە یاسای کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێت .
- ئەدەب پێداویستییەکی کۆمەڵایەتییەو مرۆڤ ناتوانێت شارستانی بنیات بنێت بێ ئەو.
- بنەمای ئابووری سروشتی ئایدۆلۆژیا دەستنیشان دەکات.
- ئەدەب وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی وێنەی کۆمەڵگا ناگرێت ، بەڵکو لە ڕێگەی تێگەشتنی ئەدەب بۆ کۆمەڵگا دەیگوێزێتەوە سەر کاغەز.
- ئەم ڕەخنەیە هەڵدەستێت بە پەیوەستکردنی ئەدەب بە جەماوەرە، چونکە ئامانجی راستەوخۆی گوتاریەتی.



دانا عەسکەر

**هەورو شاعیرەکانمان**

دانا عەسکەر دەڵێت:

"دواین وەزیفەی خەیاڵی ئێمە هەڵوشاندنەوەیە لە وێستگەی مەرگ.. هەڵواسینی نیگایەکی قووڵە لەناو شینایی ئاسمان.. گەڕانەوەی زمانە بۆ دۆخی بێدەنگیی.. "

جا کەواتە ئەگەر لای هەندێك شیعر هیچ وەزیفەیەکی نەبێت و لای هەندێکی تریش وەزیفەی جیاوازی هەبیت، ئەوا لای شاعیرو رەخنەنووس دانا عەسکەر : "وەزیفەی شیعر ئەوەیە تۆ لەو تەنیاییە رزگار بکات.. ئەو دونیا داخراوەت بۆ پڕ بکات لە چۆڵەکەی ئاشنایەتی.. "

هەرچی شاعیرو رەخنەنووس (ئەحمەدی مەلا)شە وای دەبینێت:

" شیعر کیماگەرییە. ئەو پێکهاتە و ماددانەی کە بۆ ئافراندنی دەقێکی شیعریی بەکاردێن، زۆر شەخسیین، لابۆری شاعیر ئەو ژوورە تاریکەیە کە پەنجەرەیەکی بەرووی دنیادا کراوەتەوە، بەڵام لە کاتی ئیشکردن، پەردەکەی دادەرێتەوە."

" هەموو زمانێک بە کەلتوورێک بارگاوییە، بۆیە زمانی شیعر دەیەوێ بەرەو فەزایەکی دیکە دەق ئاراستە بکات، کراوە بێت بۆ ئاماژە و دەلالاتی نوێ..."

لە سۆنگەی ئەم دوو وتەیەی سەرەوە دەتوانین دەروازەیەکی لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی واڵا بکەین لەسەر ئەو سێ هەوڵەی شاعیران (سەباح و دەوەن و عومەر) (9) کە پێشتر ئاماژەمان پێدان.

لێرەدا کارمان چوونە ناوەوەی قولایی و پێچوپەناکانی ئەو سێ دەقە نییە، ئەوەی مەبەستمانە کارکردنە لەسەر هەردوو دالی ( هەور- باران) لای هەر یەك لەم شاعیرانەو چۆن دەتوانیین رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی دەوروبەری تێدا بخوێنینەوە.

سەرەتا با تێکستی شاعیرەکان بهێنینەوە:-

**سەباح ڕەنجدەر:**

بولبولێك لەپاڵ گوڵێكدا دركی لەژێر پێیەكانی لاداوە
تاسەی خۆی بۆ هەڵدەداتە ئاسمان و پێی دەڵێت
تاسە سادەیە وەك دەسخستنە سەر دڵی پەیامبەرێك
پەیامی وەرگرتبێت و لە چاوەڕوانی ڕاگەیاندندا مابێتەوە
یان بارینی ڕشێنەیەك لە هەورێكی تەنك و
رووخۆشی باڵی ئەسپ لە سەما و بردنەوەی پێشبڕكێدا

**دەوەن:**

پەڵە هەورێكی بچووك بووم
لە شەڕی دەستەویەخەی هەورەكاندا
بووم بە تنۆكێك باران و
بە برینداری لە ئاسمانەوە
كەوتمە سەر زەوی!

**عومەر عەبدولكەریم:**

تۆ بارانی........
گەر تۆ نەبای.....
نە نێرگز
لە شیعرم دەڕوا
نە باران
لە كێڵگەی ڕۆحما
پەڵەی شێتانەی خۆی دەدا

گومانی تێدا نییە هەموو شاعیرێك ئازادە چۆن دەیەوێت گەمە بە وشەكان بكات و دنیابینی و داهێنانی خۆی پێ فەراهەم بێنێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێت جەختی لەسەر بكەمەوە كاریگەریی بواری كۆمەڵایەتییە لە دروستكردنی مۆرك لە كەسایەتیمانداو پاشان جێگیر بوونی لە نەستداو دواتر ڕەنگدانەوەی لە دەقە ئەدەبیەكانماندا.

سەرەتا دەتوانین بڵێین بە حوكمی ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە، لەسەر بنەمای وەرگرتن و بەخشین لە كۆمەڵگا و دەوروبەردا دەجوڵێت، هەر لە تەمەنی منداڵیەوە پەروەردەو ژینگەی ناو ماڵ و پاشان گەڕەك و هاوەڵان و قوتابخانەو كەس وكارو پاشان شار و وڵات و دواتر گێتی دوورو نزیك، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ كاردانەوەی خۆی هەیە لەسەر تێگەشتن و ئاراستەو هەست و بۆچوون و لێكدانەوەكانمان، لەبەرئەنجامی ئەو هەموو بەركەوتنانەو ئەزموونی تاك و كۆ، كەسایەتی بونەوەرێك وەدیدێت كە خاوەنی بۆچوون و لێكدانەوەو جوڵەیە، جیاوازیی هەموو ئەوانەی باسمان كردن یاسای ژیانی پێ دێتە دی و لە ئاكامدا یەكتر تەواو دەكەین و ڕەنگاورەنگی بە باخچەی ژیان دەبەخشین.

جێی خۆیەتی بپرسین (هەور) کە دیاردەیەکی سروشتی زانراوە لە بووندا بۆچی دەبێت سێ وێنەی شیعریی تەواو جودا لەیەك کاتدا لای سێ شاعیری کورد بخولقێنێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین ناتوانین بێ فاکتەری کاریگەریی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر ئەم وەڵامە بدەینەوە، تەنانەت هەر ئەو فاکتەرانەشن کە رێ خۆش دەکەن بۆ دروست بوونی بارە جۆراوجۆرە دەروونیەکان لای تاکەکان و بەرەنجامیش داهێنانەکان جودا دەکەونەوە.
گەر بمانەوێت لێکدانەوەو بەکارهێنانی (هەورو باران) لای ئەم شاعیرانە تێبگەین پێویستە سەرەتا بەم هێڵکاریە روونی بکەینەوە :

| شاعیر | هەور | باران |
|---|---|---|
| سەباح | تەنك | ڕشێنە |
| دەوەن | شەڕ | تنۆکی بریندار |
| عومەر | شێتانە | تۆ--> کێڵگەی رۆح |

کەواتە لە بەرەنجامی دۆخی سۆسیۆلۆژی هەر یەك لەم شاعیرانەوە کە ئەم زاراوەو مەدلولە جیاوازانە لە نەستیانەوە هەڵقوڵاوە، دەتوانین لە دۆخی کۆمەڵایەتی و کارلێکە سۆسیۆلۆژیەکان لە دەوروبەریان بخوێنینەوەو تێبگەین. جا چ بەوەی لە رابردوویەکی دوور یان نزیك یان ئێستادا بێت، لە ژیانی خۆیان یاخود بوونەوەرە کۆمەڵایەتیەکانی دەوروبەریاندا رەنگی دابێتەوە و بەم چەمکانە تەعبیری لێکرابێت.

**شیعری یەك**: ژینگەیەکی پڕ هارمۆنییەت و ناسك و تەبا، شتەکان تێیدا رێك و تەواو دانراون.
**شیعری دوو**: ژینگەیەکی ناکۆك و پڕ کێشمە کێش و جاروبار سەرکێشان بۆ شەڕو ئازاردانو قوربانی.
**شیعری سێ**: دڵەراوکێی ژینگەیەك: جارجار سەردەکێشێت بۆ تورەیی و سەرشێتی و کەمئارامی .. هەست بە کەموکوڕی و لاوازی کردن بێ ئەویندار.

**سەرچاوەکان:**


theatlantic.com/technology/archive/2011/09/clouds-the-most-useful-metaphor-of-all-time(1)
(2)crosscurrents.org/Baskerspring2006
(3)sparknotes.com/poetry/wordsworth/themes
(4) sites.pccu.edu.tw/i-say-you-say/book-of-week/williamwordsworth’s“iwanderedlonelyasacloud
Sociology of Art. Sandeep Bhatt. 1997. (5)
home.olemiss.edu/~egjbp/spring97/litcrit(6)

(7) en.wikipedia.org/wiki/Sociological_criticism
(8) مناهج النقد الأدبي ، وليد قصاب ، دار الفكر ، دمشق ، ط1 ، 2007 ، ص 35
(9) ئەدەب و هونەر، ژمارە 961، لاپەڕە 7، 2016/8/25